سەرۆک وەزیران:نابێت هاووڵاتیان بە پارەدانی ئەلیکترۆنی لە بەنزینخانەکان تێچووی زیادە لە ئەستۆ بگرن

ئەمە دووشەمە، محەمەد شیاع سودانی، سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران جەختی لەوە کردەوە کە نابێت هاووڵاتان خەرجی زیادە لە ئەستۆ بگرن لەکاتی پەدانی پارەی ئەلیکترۆنی لە بەنزینخانەکان، هاوکات گرنگیی بایەخدانی زیاتر وخەرایی گەشەسەندن لە کەرتی نەوت دووپاتکردەوە.

نووسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران لە ڕاگەیەندراوەکدا بڵاویکردەوە"

ئەمە، محەمەد شیاع سودانی، سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران سەرپەرشتی، کەبوونەوەی ئاسایی بەدواداچوون بە جێبەجێکردنی پڕۆژەکانی وەزارەتی نەوت، و هەوڵەکانی وەزارەتی پێوەندیدار بە پەرەپێدان و فراوانکردنی ئاسانکارییەکانی کەرتی نەوت کرد، ولە میانی کەبوونەوەکدا، پێشکەوتن لە جێبەجێکردنی پڕۆژە و پلانەکانی وەزارەت، وەڕژەی تەواوبوون و پەرەپێدانی پرسەی دەرهێنان و کارەکانی وەبەرهێنانی غازی هاوەدار تاوتووکران، هەروەها پێشکەوتنی کارکردن لە پڕۆژەکانی پاڵاوگە و تواناکانی پاڵاوتنی بەرهەمە نەوتییەکان خرانەڕوو.

ئاماژەی بەوەشکرد" سەرۆک وەزیران بەشێوەیەکی گشتی ئاگادار کرا لەسەر جێبەجێکردنی پڕۆژەکانی گواستنەوەی بەرهەمە نەوتییەکان، و ئەو پلانانەی پێیەوکراون لە دابەشکردنی بەرهەمە نەوتییەکان لە چوارچێوەی پارەزگا جیاوازەکان، هەروەها بەدواداچوون بە داواکارییەکانی پارەدانی ئەلیکترۆنی لە

بەنزینخانەکان کرد، وتی: نابێت هاوڵاتیان هیچ تێچوون و بارگرانییەکی زیادە لە ئەنجامی ئەم گۆڕانکارییەدا هەبگرن و رەوشی بەرهەمهێنانی سوتەمەنی نەوت تاوتووکرا، و بەدواداچوون بە ئامانجی گەیشتن بە خێبژەوی و جێبەجێکردنی بەکارهێنانی ناوخێیی، و ناچارنەبوون بە هاوردەکردن کرا."

سودانی ڕەنمایییەکانی پەشووی دووپاتکردەوە سەبارەت بە گرنگی بایەخدانی زیاتر بە خەرایی گەشەسەندن لە کەرتی نەوتدا، بەشێوەیەک هاوسەنگ بێت لەگەڵ خەرایی گەشەسەندنی کەرتەکانی تری ئابوری نیشتمانی، کەزیاتر پاڵپشت بێت لەە جێبەجێکردنی خواستەکانی هاووڵاتیان و باشترکردنیان بارودۆخی ژیانیان، و پشتگیری لە هەوڵەکان بکات بە بنیاتنانی ژێرخان لە بوارە جیاوازەکاندا.